**ئیدریس عەلی: بۆ نووسینی منداڵانی گەڕەک تا چەند سودت لە ژیانی ڕابردووی خۆت وەرگرتووە، بەتایبەتی قۆناغی منداڵی؟**

**هیوا قادر:** دیارە رووداوەکانی ناو ئەم ڕۆمانە، لە هەندێک وردەکاری بچوکدا نەبێت، هیچ کام لە ڕووداوەکانی راستی نین و هیچ کاتێکیش ئەو ڕووداوانە بەو شێوەیەی لە ڕۆمانەکەدا هاتووە ڕوویان نەداوە. ئەوەی کە وا لە خوێنەر ئەکات ئەم رووداوانە بە راست بزانیت، لێکچوونی کەسایەتییەکان و بیرخستنەوەی ڕووداوە هاوشێوەکان و شێوەی گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانەیە. بێگومان ناسینی من بۆ ئینسانی کورد و شوێن و ڕووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگەی کوردی نەبوایە نەدەکرا ئەم ڕۆمانە بەم شێوەیە بنووسرێت، پێموانییە نووسەرێکی غەیرە کورد توانای نووسینی ئەم جۆرە ڕۆمانانەی هەبێت کە خۆی سەر بە کلتورێکی جیاوازترە. هەڵبەتە ئەزموونەکانی ژیانی خۆم لەپشتی خەیاڵی دروستکردنی ڕۆمانی "منداڵانی گەڕەک"ـەوەن، بەهەمان شێوە یادەوەرەی خۆم و ژیانی منداڵیش ڕۆڵیان لە دروستکردنی ڕووداوەکاندا هەبووە. یەکێک لەو خاڵانەی پار ساڵ لە پشتی پێدانی خەڵاتی نۆبڵەوەبوون بە "ماریا گارگاس لۆسا"، ئەو شێوازی نووسینە بوو کە بە "Autofiction " ناوئەبرێت. واتا تێکەڵکردنی ژیاننامە و خەیاڵ، بەڵام بە شێوازێکی زۆر جیاوازتر لەوەی لە ئەدەبی واقیعیدا هەیە. من بۆ خۆم زۆر سودم لەم تەکنیکە وەرگرتووە لە گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانەدا.

دیارە منداڵیی بۆ هەموو نووسەرانی دنیا یەکەم یادەوەرییە، یەکەم سپیترین پەڵە بەفری سەر ئەو شاخەیە کە هەرگیز ناتوێتەوە، منیش وەک هەموو نووسەرانی تر سودم لەو یادەوریيە تیژ و خەیاڵاوییەی منداڵیی خۆم وەرگرتووە.

**ئیدریس عەلی: منداڵانی گەڕەک پێچەوانەی دوو ڕۆمانەکەی پێشوترتە، هەست بە فەزایەکی توندو تیژ و خوێناوی ئەکرێت تیایدا، خۆت ئەم حاڵەتە چۆن لێکدەدەیتەوە؟**

**هیوا قادر:** زۆر لە ڕووداوەکانی ناو ئەم ڕۆمانە وەک ئەوەی پلانم بۆ دانابوون وا دەرنەچوون و خۆیان خۆیان سەپاند و دروستبوون. کاتێک ئەو بەشە خوێناویانەی ڕوداوەکانم ئەنووسی سەرتاپای گیانم ئەلەرزی، هەستم ئەکرد لەسەر دەریایەکی بەستووی خوێن وەستاوم، بە خۆم ئەوت: خودایە، ئەم هەموو یادەوەری خوێن و کوشتنە چییە لە ئێمەدا، ئەمانە چۆن بەم شێوەیە چوونەتە ناو هەرە قوڵترین و تاریکترین کونجی ڕۆحی ئێمەوە؟ یادەوەریمان خوێناویترین دیویی دنیای ئێمەیە. کاتێکیش لە دروستکردن و نووسینی ئەو ڕووداوانە بوومەوە، جگە لەوەی دڵخۆشبووم بە تەکنیکی گێڕانەوەکان، لەگەڵ ئەوەی خۆم لە هیچ کام لەو ئەزموونی شەڕانەدا نەژیاوم؛ بەڵام دڵخۆشیش بووم بەوەی من ئەو خوێنانە و ئەو شەڕانەم لە قوڵاییەکی ناو خۆمدا دەرهێناوەتە دەرەوە و خۆم لە بەشێکیان ڕزگارکردووە. چونکە کاتێک کە ئەکەویت بەسەر ئەم یادەوەریانەدا ئەوسا تێ ئەگەیت کە تۆ چەندە بریندار و ماندوویت و چەندە خوێنیشت لەبەر ئەڕوات، پێموایە لێرەوە تۆ وەک ئینسانێک تووڕەبوونەکانی خۆت لە هیچەوە ئەگۆڕیت و کەنالیزەیان ئەکەیت بۆ تووڕەبوون لەو مێژوو کلتور و کردە سیاسیانەی کە ڕۆژانە تا ئێستاش کۆمەڵگەی کوردی پێ ئەکوژرێت.

لەڕاستیدا من زۆر ئاسودەبووم ڕووی نادیاری ڕووداوەکانم لە یادوەری خۆمدا وەک ئینسانیکی کورد هێنایە دەرەوە. هەندێک ئەڵێن تۆ کە شاعیرێکیت و خەیاڵی دنیای تۆ زۆر جیاوازترە لە گێرانەوەی ئەم هەموو خوێنانە، چۆن توانیوتە ئەم ڕۆمانە بنووسیت؟ منیش لە وەڵامدا پێمووتوون؛ منیش وەک ڕۆمان نووسێکی ئەورووپی حەزم ئەکرد باسی کێشەکانی ئینسانم لە ئاستێکی

ئینسانیتردا بکردایە، نەک جەنگ. بەڵام ئەبێت ئەوە بزانین کە ئەمە دنیای ئێمەیە، وە هەر خۆشمان ئەبێت قسەی لەسەر بکەین و دڵڕەقبین بەرامبەر ئەو مێژووەی کە ئەمڕۆ وەک ڕۆژە پرشنگدارەکانی ڕابردوو پێمان ئەفرۆشنەوە. بەداخەوە ئەوە بەشێکی گەورەی دنیای ئێمەیە، ئەبێت سەری ئەو بیرە خوێنانە هەڵبدەینەوە، چونکە ئێمە کوڕی تەنها ئەم ساتەنین کە تیایدا ئەژین، بەشێکی گەورەی سەرەتاکانی شکستی ئێمە لەوێوە دەستی پێکردووە، ئێمە جوان نین، ئەوەشی شەڕ لەسەر ئەوە ئەکات کە زۆر جوان بووە، نیشانەی بێ توانابیەتی لەسەر دەستخستنە سەر ناشیرینییەکانی خۆی. زۆرجاران هەستمکردووە من لەناو سەدان گەنجی هاوتەمەن و نزیک بە خۆمدا کە لەناو ئەو شەڕ و کوشتار و پەتی قەنارانەدا ڕزگارم بووە، بۆ ئەوە بووە ئێستا لەم ڕێگایەوە چیرۆکی ئەوانە بگێڕمەوە کە ئێستا لەگەڵمان نین، چیرۆکی ئەوان چیرۆکی شکۆمەندییەکان نییە، بەڵکە چیرۆکی ئەو ئینسانانەیە ڕووداوە سیاسییەکان کردوونی بە ئەکتەرە کوێرەکانی ئەو شانۆ خوێناویانەی کە تا ئێستاش پەردەکانی دانەدراونەتەوە.

ڕۆمانی مندالانی گەڕەک ڕۆمانی ئەو مندالانەیە کە شۆڕشیان دروستکرد و هەر لەناو ئاگری خۆشیدا سوتێنران، مەبەستم لەباسکردن و گێڕانەوەی ئەو میتۆدی سیاسەتکردنەیە کە بە هەمان میتۆدی شەڕەگەڕەک ئێستاش بەردەوامە، حیزب شەڕەکانی خۆی بە مندالانی گەڕەک کرد، دواتر ئەو میتۆدی کارکردنە دەهێنێتە ناو هەناوی حیزبەوە، لەوێشەوە ئەیگوێزێتەوە بۆ ناو دەوڵەت. وەک ژیژک ئەڵێت: حیزب و ئایدۆلۆژیا وەک ئەو ئاوەوایە بۆ ئەو ماسیانەی نازانن بۆچی مەلەی تیا ئەکەن، مندالانی گەڕەکیش وابوون. ئێستا ئەبینین چۆن سەرتاپای کۆمەڵگەیەک بە چاوبەستراوی لەسەر قەراغی خەرەندێک بەتەنها بەجێدەهێڵرێت. بە گشتی خوێدنەوەی ئەم تراژیدیایە کۆی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانی مندالانی گەڕەک پێکدەهێنێت.

**ئیدریس عەلی: تۆ زیاتر وەک شاعیر ناسراویت، هاوکات جگە لە سەفەرنامە سێ ڕۆمانیشت نووستوە، دنیابینی تۆ زیاتر لە کام ژانرەیاندا بەرجەستە دەبێت، هەست دەکەیت لە کامیاندا زیاتر جوانی بەرهەم دەهێنیت؟**

هیوا قادر: هەر دێڕێک نووسین لە هەرچ کایەیەکدابێت، هەر هونەرێک، هەرچ شێوازێک بتوانێت ملیمەترێک زیاتر لە خۆم و ناسینی ئینسانەکانی تر نزیکم بکاتەوە من پەنای بۆ ئەبەم و کاری تیائەکەم، دیارە دوای ئەوەی کە ئەزانم ئەتوانم بەسەریدا زاڵبم و شتێک زیاتر لە قسەی دوێنێم لەمڕۆدا بکەم. من بە سروشت شاعیرم، دڵم بە شاعیربوونی خۆشم زۆر خۆشە، شاعیربوون هەمیشە بیرم ئەخاتەوە کە ئەو ئازارانەی ئەیچێژم هی ئەوەیە کە ڕۆژانە مومارەسەی ئینسان بوونی خۆم ئەکەم، شاعیربوون بۆ من ئەو تەنهاییەیە کە خۆم بەدەستی خۆم هەڵمبژاردووە و لە دنیای جیاکردوومەتەوە، لەو دنیایەی کە من هەرگیز ناتوانم ژیانی خۆمی لەسەر میقاتبکەم.
نووسینی ڕۆمان هەستی گەورەییم تیا دروست ئەکات، گەورەی بەمانا نەرجسیەتییەکەی نا، بەڵکە بەمانای ئەوەی کە ئەتوانم قسەیەکم سەرجەم بۆ دنیا و ئینسان و کۆمەڵگەکەم هەبێت، هەروەها ئەو لەزەتی مەرز شکاندنەشم لە دنیای شیعرەوە بۆ دنایییەکی تر کە زۆر جیاوازە پێ ئەبەخشێت، مومارەسەکردنی ئەم هاتن و چوونە هەم مەترسیدارە و هەم پڕیشە لە لەزەت، بۆ من هەمیشە نووسین جۆریکە لە تاقیکردنەوەی ڕیسکێک کە ئەکرێت تیایدا بشکێم و دەنگ و خەیاڵ لەناو زمانمدا نەمێنێت و کەس گوێی لێم نەمێنێت ونەمبینێت، بەڵام کاتێک لەو ڕیسکە ڕزگارم ئەبێت و ئەبینم نا من شتێکم کردووە جیاوازترە لە کارەکانی تری خۆم و هەندێک لە کەسانی تر، ئەوکات پڕئەبم لە نەشئەی خۆشی،

بەڵام هەمیشەش ئەو نەشئەی خۆشییانە زۆر کورتبوون و جارێکی تر کەوتوومەتەوە ناو ڕیسک کردنێکی ترەوە.
سەفەرنامە بۆ من جۆرێک بوو لە مومارەسەکردنی تەراپییەکی دەروونی لەبەردەم خودی خۆمدا، بۆ ڕزگاربوون لە یادەوەرییەکانی وڵات لە مەنفا کە خەریکبوو ئەیخنکاندم و هیچ شتێکی لە ژیاندا بۆ نەهێشتبوومەوە. من خۆم ئەم ئەزموونەم خۆش ئەوێت، چونکە ئەزمونێک بوو لەسەرەتاوە بڕیارمدا کتێبێک بنووسم کە پێشتر لەدنیای کوردیدا کەس نەینووسیبێت، نووسینی ڕۆژانەی کتێبی سەفەرنامە و تاقیکردنەوەی ئەو ئەزموونە کە لەناو چەند کایەیەکی وەکو شیعر و چیرۆک و وتار و ڕۆژنامەنووسی و خوێندنەوەدا ئەهات و ئەچوو، بۆ من جێی لەزەتبردن بوو هەم تاقیکردنەوەیەکی توانای خۆشم بوو لە نووسیندا. بەهەرحاڵ ئەو ئەزموونانەی کە من هەمە، هەم لە کایەکانی شیعر و ڕۆمان و سەفەرنامە و چیرۆکی منداڵان و وەرگێڕان و فۆتۆگرافیدا هەموویان ئەو پارچە بچووکانەن کە کۆی من پێکدەهێن، تەمەنای من ئەوەیە بتوانم لەهەرکام لەو کایانەدا بەسەرکەوتووانە کاربکەم، تەمەنای هەرە گەورەشم ئەوەیە هەمیشە شاعیربم و بەشاعیریی بمرم.

**ئیدریس عەلی: هەندێک لەو شاعیرانەی ڕۆمانیش دەنووسن، هەست ئەستدەکرێت زمانی شیعری زاڵە بەسەر فەزای ڕۆمانەکەیاندا، بەڵام لەم ڕۆمانەی تۆدا کە خۆت شاعیریت ئەو زمانە شیعرییە نابینیت بەتایبەتی لە گێڕانەوەدا، تۆ خۆت چۆن لەو شیعریەتە لە زماندا پاراست؟**

هیوا قادر: هەڵەیەکی زۆر گەورە ئەکەین گەر پێمانوابێت شاعیریەت لە نووسیندا بەتایبەت لە ڕۆماندا تەنها پەیوەندی بە هۆنینەوەی وشە و بەپەخشانیکردنی زمانەوە هەیە، من پێموایە منداڵانی گەڕەک بەراورد بە هەردوو ڕۆمانەکەی پێشووم و

سەفەرنامەش پڕە لە شاعیرییەت، تەنانەت لە خوێناویترین بەشەکانی ناو ڕۆمانەکەشدا شاعیریەت ئەبینیت.
بەداخەوە، یەکێک لەو پەلاماردانانەی هەندێک لە نووسەران و ڕەخنەگرانی ئێمە بۆ ئەو شاعیرانەی کە ڕۆمان ئەنووسن، بەوە تاوانباریان ئەکەن، کە زمانی شیعری لە ڕۆمانەکانیاندا زاڵە.
نازانم مانای "زمانی شیعریی" بەچ جۆرە زمانێک ناودەبەن، لەکاتێکدا "زمانی شیعریی" گەوهەری ناو هەموو زمانەکانی ناو کایە جیاوازەکانی نووسینە.
من پێموایە هەموو فەزایەکی تایبەتی ڕۆمان هەڵگری جۆرێک لە شێوازی گێڕانەوەیە کە زۆر جار نوسەر خۆشی ناتوانێت زمانێکی جیاوازتر لەوەی کە هەیە و لە ناو ڕووداوەکاندایە بسەپێنێت، لێرەدا مەبەستم بەکەمگرتنی هێزی داهێنان و تەقینەوەکانی زمان نییە، بەڵکە مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە هەموو ڕۆمانێک بۆ خۆی کەرەستەکانی زمانی جیاوازترە لەوی تر. کەسایەتی گوڵ موحەمەدی ناو منداڵانی گەڕەک، جیاوازترە لە کەسایەتی سیای ناو ڕۆمانی "منداڵێک لەسەر مانگە"، کەوایە ئەبێت زمانی گێڕانەوە و خەیاڵ و گوزارشتکردنەکانیش جیاوازبن. ناکرێت پیاوکوژێک و سۆفییەک وەک یەک قسە بکەن، چونکە جیاوازی زمان و گوزارشتکردن لەڕۆماندا هەمان جیاوازی ئەو ڕەنگانەیە کە هونەرمەندێک لە تابلۆیەکیدا بەکاریدێنێت. هەموو جۆرە شێوازێکی گوزارشکردن بۆ خۆی هەڵگری جۆرێک لە تەکنیکە، واتا لەناو هەموو جۆرە بەکارهێنانێکی زماندا، تەکنیکێکی نووستوو هەیە گێڕانەوە بەخەبەری دێنێتەوە.

*هەفتانەی ئەدەب و هەنەری کوردستانی نوێ 110825